KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-5-2007 11:38

# کوشتنی دوعا بووە پرسیارێک و بەرسیڤەکەی بەرەو ئاڵۆزی دەچێت !! ... بەرێز حاجی



لەدوای کارەساتی لەخاچدانی گیانی پاکی پیرۆزیی دوعا، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتە کوردییەکان زۆربەی کرۆکی بابەتەکانیان تایبەت کرد بەوڕووداوە، ئەمەش جێگای دەست خۆشی و خۆشحاڵییە لەلای هەمووان کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لە هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ئەو پرسە گرنگە، کە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی هەژاند، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە پە نجەی بخەمەسەر کاردانەوەکانی دوای کوشتنی دوعایە، کە بۆتە داستانێکی ئاڵۆزو هەرکەسەو بە شێوەیەك دەیگێڕێتەوە، ، کە ئەگەر سەرنج بدەینە گفتووگۆی نێو هەر کۆڕو کۆبوونەوەو قسەی خەڵکی، ئەوا باس باسی کوشتنی دوعایە و هەرکەس بەپێی ویژدانی خۆی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، هەندێك جار گوناه بەگیانی پاکی دەکرێت، هەندێك جاریش بکوژانی ڕیسوا دەکرێت، لەدوماهیشدا سەرچاوەی ڕاستی قسەکان دیارو ڕوون نییە، لەهەمان کاتیش ئەوکەسانەی کە کەمتەرخەم بوون لە هەلویست وەرنەگرتن لە تەشەنە کردنی ڕووداوەکە هەریەکەیان بەشێوەیەك بەرپرسیاریتییەکان لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە و بەملی ئەوەی دیکەیاندا دەهێنێت، لەنێوان ئەم بێنەو بەردەیەدا بکوژان و پلانگێڕانی دوعا نادیاربووە. بۆزیاتر زانیاری وەرگرتن و بەدواداچوون، هەندێك بابەت و بۆچون و چاوپێکەوتنم لە ڕۆژنامەکان خوێندەوە کە لەگەل کەسایەتی ئاینی ئێزیدیی و کەسانی نزیکی دوعادا کراوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بۆچوونەکانیان بوو کە تاچەند ڕادەیەك جیاوازیم لەنێوانیاندا بەدی کرد، بەوەی کە هەر لایەنێك بەشێوەیەك باسی هۆکارەکانی کوشتنی دوعا و داب و نەریتی ئێزیدییەکان دەکات، کە بۆتە جێگای پرسیار، بۆنموونە خەلیل ئەسوەدی باوکی دوعا زۆر بە ڕاشکاوی لە ڕۆژنامەی میدیادا دەڵێت: کچەکەم زۆر پاك بوو بوختانیان پێکرد و بەناحەق کوشتیان چونکە دوعا هیچ کارێکی ناشەرعی لەگەڵدا نەکراوە.. لەلایەکی دیکەشەوە میرتەحسین بەگی میری ئێزیدیان لە چاوپێکەوتنێکیدا هەرلەهەمان ڕۆژنامەدا دەڵێت: دوعا نەبووە بە موسڵمان بەڵام لەسەر زینا کوژراوە، لێرەدا جیاوازییەك لەنێوان گووتەی میرتەحسین بەگی میری ئێزیدیان و باوکی دوعا بەدی دەکرێت کە ئایا قسەی کام لایەن ڕاستی ڕووداوەکەیە؟؟؟؟ چونکە ئەگەر هەندیك ڕۆبچینە نیو قسەکانی میر تەحسین بەگ ئەوامان بیردەخاتەوە کە لەنیو ئاینی ئێزیدیدا کوشتن نیە، کەواتە دوعا لەسەرچ بنەمایەك کوژرا؟؟ عەشایری بوو یان بڕیارێکی خۆپەرستانەی لەپشتەوە بوو؟؟ یاخوود دەستێکی تێکدەرانە بوو بۆئەوەی پەیوەندیی نێوان موسڵمان و ئێزیدییەکان بشێوێت و ئەم هەلە بۆ کاری خراپ بقۆزرێتەوە؟؟ ئەمانە هەموو پرسیارن و تاوەکوو ئێستا سەرچاوەی ڕاستییەکان بەدرووستی بەدیار نەکەوتووە. چونکە ئەگەربێت و بەووردی لەڕووداوەکە بکۆڵینەوە ئەوا بانگ کردن و کۆکردنەوەی ئەو سەدان کەسە کارێکی ئاسان نییە، دەکرێت هەڵوەستە لەسەر هاندان و کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك بکرێت، کە ئایا ئەوانە بەفەرمانی کێ کۆبوونەتەوە؟؟؟؟ بۆکەسێك نەبوو دوعا لەبن دەستی ئەو خەڵکە دەربهێنێت؟ چونکە شێوەی کوشتنەکە ئەو ڕاستیانەمان بۆ دەردەخات کە ئەم کارە پێشتر لەلایەن چەند کەسانێك نەخشە بۆکێشراو بووە. بۆدۆزینەوەی سەرەداوی درووست بوونیشی، پێویستە یاسا بەشێوەیەکی زۆرچڕوپڕو خێرا ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆی ببینێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ڕاستەقینەی بکوژانی دوعا. بەڕای من هێشتنەوەو کەمتەرخەمیکردن لە چارەسەریی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کێشەکە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە، چونکە دوژمنان ئەم هەلە بەبار دەزانن بۆ تێکدانی پەیوەندیی مێژویی نێوان موسڵمان و ئێزیدییەکان بۆیە پێویستە بەهەموو لایەك هەوڵ بدرێت پلانە بۆ دارێژکراوەکان پوچڵ بکرێتەوەو لەجاران زیاتر گیانی تەبای بپارێزرێت....

Barez_haci@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.